# هەنگاوەکانی فێربوونی گرافیک دیزاین

نوسین و ئامادەکردن
بەهمەن عومەر

# هەنگاوەکانی فێربوونی

# گرافیک دیزاین

نوسین و ئامادەکردن

بەهمەن عومەر

من لە هەژماری:

Bahman Graphic

## ١- ئامانج

پێش دەستکردن بە کاری گرافیک دیزاین پێویستە ئامانجەکەت ڕون بێت، ئایا تەنها وەک چاولێکەری دەتەوێت فێری ببیت؟ ئایا بۆ بەرەو پێشبردنی ئیشەکەت؟ یان ئیشکردن لە بواری گرافیک دیزایندا؟ پێویستە هۆکارێکت هەبێت تاوەکو زیاتر حەزی فێربونت لا دروستبکات و بەئاسانی فێری ببیت نەک تەنها وەک چاولێکەری و تاقیکردنەوەیەک.

دیاریکردنی ئامانجێکی ڕون فێربوونت خێرادەکات، پێویستە بزانیت فێربونی دیزاین بەڕۆژ و دوو ڕۆژ نابێت بەڵکو بە بەردەوامی و ئەزموونە لە بوارەکەدا، یەکێک لەو خاڵانەی لە کۆرسەکانمدا دڵنیایی لێدەکەمەوە بریتییە لەوەی هەر بەشداربوویەک پێویستە بە ئامانجێکەوە هاتبێت بۆ فێربوونی گرافیک دیزاین، ئەو بەشداربووانەی ئامانجیان هەیە دوای کۆرسەکە توانیویانە بەردەوام بن و فێری پیشەکە ببن و بیکەنە سەرچاوەی دەهات، لەبەرامبەردا ئەو بەشداربووانەی هیچ ئامانجێکیان نییە و تەنها وەک چاولێکەریەک و تاقیکردنەوەیەک دێنە کۆرسەوە زۆربەی جار دوای ماوەیەک وازدەهێنن و بەردەوام نابن.

هەواڵە خۆشەکە بۆ فێرخوازانی گرافیک دیزاین ئەوەیە ڕۆبۆت ناتوانێت جێگای گرافیک دیزاینەران بگرێتەوە!

زۆرێک لەپیشەکان مەترسی لەناوچونیان لەسەرە، بەپێی ئامارێک لەماوەی ١٥ ساڵی داهاتودا تەنها لە بەریتانیا ملیۆنەها کارمەند کارەکانیان لەدەست دەدەن و ڕۆبۆت و ئامێری خۆکار جێگەیان دەگرێتەوە، لەبەرامبەردا گرافیک دیزاین تەنها مرۆڤ دەتوانێت ئەنجامی بدات و پاشەڕۆژی بوارەکە بۆ دەیەها ساڵی دیکە ڕۆشنە.

بۆنمونە بەرەوپێشچونی چاپی سێ ڕەهەندی ڕەنگە زۆر کاری دەستی بەرەودواوە ببات، لەبەرامبەردا دروستکردنی مۆدێلە سێ ڕەهەندییەکە هێشتا پێوستی بەدەستی گرافیک دیزاینەران هەیە تاوەکو بە کۆمپیتەر دروستی بکەن.

## ئەم هۆکارانە هاندەرێکی بەهێزن بۆ فێربوون:

### أ- پیشەی سەرەکی

لە چاخی تەکنۆلۆژیادا کۆمپانیا و دامەزراوەکان بەردەوام هەلی کار بۆ گرافیک دیزاینەر دەڕەخسێنن و لێرەدا دەتوانیت بوارەکە بکەیتە پیشەی سەرەکی.
مەرج نییە گرافیک دیزاین پێویست بەدەوام بکات بەڵکو زۆرێک لەگرافیک دیزاینەران بەشێوازێکی سەربەخۆ (فریلانس) یان ئۆنلاین کاری دیزاین دەکەن، ئەمەش ڕێگر نابێت لە هەرئیشێک یان دەوامێکی تر (هەرچەندە بۆ بوون بەگرافیک دیزاینەرێکی باش پێویستە خۆت یەکلابکەیتەوە).

### ب- بەهێزکردنی سیڤی

ئەگەر پێویستیشت بەوە نەبێت گرافیک دیزاین بکەیتە پیشە، دەتوانیت بەکاری بهێنیت بۆ بەهێزکردنی سیڤییەکەت، بەتایبەتی خوێندکاران و دەرچووانی ئەو بەشانەی پێویستیەکی زیاتریان بە گرافیک دیزاین هەیە وەک بەشەکانی (کۆمپیتەر، ئەندازیاری، ئایتی، هونەرەجوانەکان، تەکنیکی میدیا ...هتد ) چونکە هەموو کۆمپانیا و دامەزراوەیەک پێویستی بەگرافیک دیزاین هەیە بۆ (براندینگ ، بانگەشە، بازارڕدۆزی )، لەوانەیە هەموو کات نەتوانێت گرافیک دیزاینەر دابنێت بەڵکو بەدوای کارمەندێکدا بگەڕێت لەپاڵ پیشەکەی خۆیدا گرافیک دیزاینیش بزانێت.

### ج- ڕاپەڕاندنی ئیشەکانی خۆت

هەندێک لە فێرخوازانی کۆرسەکانم بۆ بەرەو پێشبردنی کار و پیشەکانیان حەزیان بە فێربوونی گرافیک دیزاین هەبووە تاوەکو بتوانن بەدەستی خۆیان ئاسانتر بیرۆکەکانیان دەرببڕن و کارەکانیان بەهۆی چاوەڕوانی زۆر دوانەکەوێت، بۆنمونە: مامۆستا، ڕاهێنەر، خاوەنی فرۆشگا، کۆمپانیا، پەیجی فرۆشتنی ئۆنلاین ...هتد

## ٢- وەرگرتنی تایبەتمەندی

ئـەو کاتـەی دەتەوێـت تەنهـا گرافیـک دیزاینەرێکـی ئاسـایی نەبیـت و بـەرەو ئاسـتێکی پێشـکەوتوو هەنـگاو بنێیـت پێویسـتە تایبەتمەنـدی وەربگریـت، پێشـینان وتویانـە بـەدوای دوو کەروێشـکدا ڕابکەیـت هیچیانـت پێناگیرێـت بـەڵام گرافیـک دیزاینـەر هەیـە بەهـۆی ئـەوەی ئامانجـی چـوار کەروێشـکە ناتوانێـت لەشـوێنی خۆشـی بجوڵێـت، گـەر دەتەوێـت ببیتـە گرافیـک دیزاینەرێکـی بەتوانا پێویسـتە خـۆت بـۆ گرافیـک دیزایـن یەکلابکەیتـەوە تەنانـەت پێویسـتت بـەوە دەبێـت لەنێـو بـوارە فراوانەکانـی گرافیـک دیزایـن لەبوارێکـی دیاریکـراودا خـۆت یەکلابکەیتـەوە، بوارێـک کەزیاتـر حـەز و خولیـا و توانـات بەسـەریدا هەیـە بکەیتـە دەسـتپێک، دەکرێـت لەیەکێـک لەبوارەکانـی :

چاپ، براند، مۆشـن گرافیک، وێب دیزاین، دیزاینی سـێ دوری یەوە دەسـتپێبکەیت، ئـەو کاتـەی لەبوارەکـەدا شـارەزایی پەیـدا دەکەیـت ئاسـاییە هەنـگاو بنێیـت بـۆ بوارێکـی تـری گرافیـک دیزایـن.

یەکێـک لـە گرنگییەکانـی وەرگرتنـی تایبەتمەنـدی ئەوەیـە (کەسـانێکی زۆر هـەن گرافیـک دیزاینـەرن بـەڵام کەمـن ئەوانـەی تایبەتمەندییـان وەرگرتبێـت و پسـپۆڕبن) ئەمـەش هـاوکارت دەبێـت تاوەکـو بتوانیـت بـە موچەیەکـی زیاتـر کار بکەیـت یاخـود بـە فریلانـس بڕەپارەیەکـی زیاتـر وەربگریـت چونکـە ئـەو دیزاینەرانـەی پسـپۆڕن لەبوارێکـی دیاریکـراوی دیزایـن یاخـود بەگشـتی لـە دیزایندا بسـپۆڕن، جێدەسـتی کارامەیـی و پرۆفیشـناڵی بەکارەکانیانـەوە دیـارە و زیاتـر دەبنـە جێـی بایەخـی خاوەنـکار و کڕیـار.

یەکێـک لەڕێـگا باشـەکان بـۆ وەرگرتنـی تایبەتمەنـدی بریتییـە لـە یاسـای شـکڵی پیتـی T کـە تیایـدا زانیـاری گشـتیت لـە کۆمەڵێـک بـوار هەیـە و لـە یەکێکیانـدا پسـپۆڕیت بـەم شـێوەیە:

## هەنگاوی یەکەم:

لەهەنگاوی یەکەمی پیتی T دا زانیاری گشتیت لەبوارە جیاوازەکانی دیزایندا هەیە و پسپۆڕیت لە بوارێکی دیاریکراویشدا هەیە.




## هەنگاوی دووەم:

لەهەنگاوی دووەمی پیتی Tدا زانیاری گشتیت لەچەند بوارێکی دەرەوەی گرافیک دیزاین هەیە و لە چەند بوارێکی گرافیک دیزاینیشدا پسپۆڕیت.



## ٣- ژینگە:

هەنگاوی وەرگرتنی تایبەتمەندی خزمەتێکی باش پێشکەش بەم هەنگاوە دەکات، پێویستە گرافیک دیزاینەر ژینگەیەکی تایبەت بە بوارەکە بۆخۆی دروستبکات، تاوەکو چاو و مێشکی لەگەڵ بوارەکە ڕابێت و بەخێرایی بەرەو پێش بچێت، دەتەوێت لە گرنگی ئەم ژینگەیە تێبگەیت؟

بهێنە پێش چاوت زۆربەی خوێندکاری کورد ١٦ ساڵ زمانی ئینگلیزی دەخوێنێت و فێر نابێت، بەڵام کەسێک تەنها بە ٦ مانگ لەناو ژینگەی فێربوونی زمانەکە و بەتێکەڵبوون لەگەڵ ئینگلیز زمانان بە ئاسانی فێردەبێت! ئێستا ڕونە بۆچی ژینگەی گرافیک دیزاین گرنگە؟

## ڕێگاکانی دروستکردنی ژینگە:

- فۆڵۆوکردن و لایک کردنی هەر پەیج و ئەکاونتێک کە پەیوەندی بە گرافیک دیزاینەوە هەبێت وەک: چاپخانە، کۆمپانیاکانی ڕیکلام، پەیجی گرافیک دیزاینەران...هتد
- پەیوەندیکردن بە گروپەکانی گرافیک دیزاین چ بە ئۆنلاین بێت یان ئۆفلاین.
- دروستکردنی هەژمار لەو وێبسایتانەی گرافیک دیزاینەران بەکاریان دەهێنن و کاری دیزاینی تیادادەنرێت وەک: بیهانس، دریبڵ، پین ترێست...هتد
- پەیوەندی بەستن لەگەڵ گرافیک دیزانەران و تێکەڵبوون لەگەڵیان.
- بە مۆبایلەکەت وێنەی هەر دیزاینێکی سەرنج ڕاکێش بگرە کەدەیبینیت وە هەر دیزاینێکیش کە بەلاتەوە باش و جوان نەبێت.
- دروستکردنی فۆڵدەری تایبەت لەناو لاپتۆپ و مۆبایلەکەتدا بۆ پاشەکەوت کردنی ئەو کارانەی سەرنجت ڕادەکێشن، دەکرێت هەر فۆڵدەرە و تایبەت بکەیت بە جۆرێکی دیزاین وەک: لۆگۆ، پرۆشور، بزنس کارت ...هتد

## ٤-تەماشاکردن

ئـەم هەنـگاوە وەک جادوویەکـە بـۆ خێـرا بـەرەو پێشـچوونت،ئەویش بـە بەخشـینی خۆراکـی بینـراو بـە چـاو و مێشـکت، چالاکبوونـی چـاو و مێشـکت، هـەروەک چـۆن نیگارکێـش بەتەماشـاکردنی سروشـت ئیلهـام وەردەگرێـت تـۆش پێویسـتە بـە تەماشـاکردن و وردبونـەوە لـەو دیزاینانـەی کۆتکردونەتـەوە لـە هەنـگاوی ژینگـە ئیلهـام وەربگریـت، وە ئامانجـی سـەرەکی لـە هەنـگاوی دروسـتکردنی ژینگـە خزمەتکردنـە بـەم هەنـگاوە کـە تیایـدا هـەر دیزاینێـک سـەرنجت ڕابکێشـییێت لای خـۆت پاشـەکەوت دەکەیـت پاشـان ورد دەبیتـەوە و ئـەم پرسـیارانە لەخـۆت دەکەیـت:

- چ شتێک لە دیزاینەکە وای کردووە سەرنجت ڕابکێشێت؟
- ئایـا دیزاینەرەکـە چ تەکنیـک و هونەرێکـی لـە ڕازاندنـەوەی دیزاینەکـە بەکارهێنـاوە ؟
- ئایا دیزاینەکە توانیویەتی ئامانج بپێکێت و کار لەبینەر بکات؟
- ئایا دیزاینەکە دەتوانرێت باشتر بکرێت؟ وە چۆن دەتوانرێت باشتر بکرێت؟

هەروەهـا پێویسـتە ئـەو دیزاینانـەش کۆبکەیتـەوە کـە پێتوایـە سـەرنج ڕاکێش نیـن و ئـەم پرسـیارانە لەخـۆت بکـە:

- چ شتێک وای کردووە دیزاینەکە لات سەرنج ڕاکێش نەبێت؟
- چ شتێک لە دیزاینەکدا هەڵەیە تاوەکو تۆش ئەنجامی نەدەیت؟
- چ ڕێگایەک هەیە بۆ چاککردنی هەڵەکان؟

هەمـوو ئەمانـە هـاوکارت دەبـن تاوەکـو چـاو و مێشـکت ڕابهێنیـت لەگـەڵ ئـەو دیزاینانـەی جـوان و کرداریـن و تـۆش جێبەجێـی بکەیـت لە دیزاینەکانتـدا، هەروەها سـود وەرگرتـن لـەو هەڵانـەی ئەنجامـدراون و دوبارەنەکردنـەوەی لەدیزاینەکانتـدا.

## ٥- فێربوون :

گرافیک دیزاین بوارێکی فراوانە هەمیشە خۆت لە ئاستی سەرەتایدا ببینەرەوە و لە فێربوونی بەردەوامدا بە، سەرەتا فێربوونی تیۆری و دواتر پراکتیکی، پێویستە گرافیک دیزاینەر شارەزایی هەبێت لە:

مێژووی گرافیک دیزاین، ستایلەکانی گرافیک دیزاین، بنەماکانی گرافیک دیزاین، تیۆری ڕەنگ، پرۆسەی گرافیک دیزاین وە هەربابەتێکی پەیوەندیدار.

بۆ فێربوون یوتوب مامۆستایەکی هەمیشە بەردەستە، هەروەها خوێندنەوەی کتێب، خوێندنەوەی بابەتی بلۆگ و وێبسایتەکان، بەشداری کۆرس و سیمینار، تێکەڵبوون و ناسینی گرافیک دیزاینەران.

## ٦- ڕاهێنان

لەگەڵ فێربوونی تیۆری دیزاین پێویستت بەوەدەبێت دەستبکەیت بەڕاهێنان و فێربوونی نەرمەکاڵاکانی گرافیک دیزاین، هەروەها پێویستە لەو نەرمەکاڵایانەوە دەستپێبکەیت کە گونجاوە بۆ بوارەکەی خۆت بۆنمونە:

- بواری چاپ

Adobe photoshop , Adobe Indesign , Adobe Illustrator

- مۆشن گرافیک و مۆنتاژ
- Adobe illustrator، Adobe After effect، Adobe premiere
- دیزاینی سێ ڕەهەندی

Autodesk 3dmax، Blender، Maya، cinema 4d

لەکاتی ڕاهێنان پێویستە ئاگاداری بواری کارکردنی نەرمەکاڵاکان بیت، هەر نەرمەکاڵایە و کاری سەرەکی و لاوەکی هەیە، بۆ نمونە: ئەدۆبی ئیلستریتر بۆ دیزاینی لۆگۆ و ئایکۆن زۆر گونجاوە بەڵام لەدیزاینی کەتەلۆگ و دیزاینی فرە لاپەڕەیدا سنورردارە، لەبەرامبەردا ئەدۆبی ئیندیزاین بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ

دیزاینــی چەنــد لاپەڕەیــی وردەکاری زیاتــری تیایــە، هەروەهــا  ئەدۆبــی ئیلســتریتر دەتوانێــت ئیفێکــت بــدات بەوێنــە بــەڵام زۆر ســنوردارە و لەبەرامبــەردا فۆتۆشــۆپ بەشــێوازێکی بەرفــراوان و وردتــر ئیفێکــت دەدات بــە وێنــە، لێــرەدا   کاری ســەرەکی ســێ نەرمــەکاڵای ســەرەکی گرافیــک دیزایــن خراوەتــە ڕوو:

| Ai Illustrator | Ps Photoshop | Id Indesign |
|---|---|---|
| لەسەر بنەمای وێنەی گرافیکی Vector کاردەکات. | لەسەر بنەمای وێنەی گرافیکی Raster کاردەکات. | لەسەر بنەمای وێنەی گرافیکی Vector کاردەکات. |
| دیزاینی لۆگۆ، ئایکۆن ، دیزاینی تاک لاپەڕەیی. | دەستکاری وێنە و ڕاستکردنەوەی ڕەنگی وێنە . | دیزاینی کتێب، ڕاپۆرت دیزاینی چەند لاپەڕەیی. |
| کاری گرافیکی وێبسایت ، فلایەر ، بزنس کارت | پێدانی ئیفێکت و فلتەر بەوێنە وێنەکێشان و ڕەنگ کردن. | ڕۆژنامە، گۆڤار، پرۆشور، کەتەلۆگ، بزنس کارت |
| وێنەی ڕونکردنەوەیی و نەخش و نیگار | مۆشن گرافیک بۆ وێبسایت کاری گرافیکی وێبسایت. | پێشکەشکردن، هەموو بڵاوکراوەیەکی چاپ و دیجیتاڵی. |
| کاڵیگرافی و شکڵی ئاڵۆز. | مۆکئەپ و  تێکەڵکردنی وێنە . | تایپۆگرافی و مامەڵەکردن لەگەڵ نوسین. |

تێبینــی: نەرمەکاڵاکانــی بــواری گرافیــک دیزایــن زۆرن بــەڵام بەرهەمەکانــی کۆمپانیای ئەدۆبــی باشــترینن بەچەنــد هۆکارێــک وەک:  لینــک ســازی لەنێوانیانــدا، بوونــی ســەرچاوەی فێرکاریــی زۆر، بونــی  پێداویســتیی دیزاینــی زۆر ، بەربڵاویــی لەنــاو زۆربــەی گرافیــک دیزاینەرانــی جیهان...هتــد

## پێویستە ئاگاداربیت

پێشخستنی هەنگاوی ڕاهێنان بەسەر هەردوو هەنگاوی فێربوون و تەماشاکردندا کارێکی هەڵەیە و دەستەوەستانت دەکات لەبەردەم هەر دیزاینێکی سەرنج ڕاکێش کە دەتەوێت بیکەیت، بۆنمونە سەرەتا فێرببە چۆن ڕەنگەکان لەگەڵ یەکتر دەگونجێن و سەرنج ڕاکێش دەردەکەون پاشان فێری ئەو ئامرازانە ببە کە لە نەرمەکاڵاکاندا بۆ گونجاندنی ڕەنگ بەکاریان دەهێنیت وە هەروەها .

## ٧- لاسایی و دووبارەکردنەوە

لە هەنگاوی ژینگەی گرافیک دیزایندا پێویستە کۆمەڵێک دیزاین کەسەرنجت ڕادەکێشن لای خۆت پاشەکەوت کردبێت و تەماشاتکردبێتن، ئێستاش کاتی ئەوەیە لاساییان بکەیتەوە، ڕەنگە پرسیار بکەیت سودی لاساییکردنەوە چییە؟ وەڵام: لاساییکردنەوە چاو و مێشک و دەستت ڕادەهێنێت، هەروەها لاسایکردنەوە مێشکت فراوان دەکات و لە دەرگای بیرۆکەی نوێ دەدات، بەپێ ی توانا لەکاتی لاساییکردنەوەدا هەوڵ بدە گۆڕانکاری نوێ لە دیزاینەکەدا بکە .

## ٨- بڵاوکردنەوەی دیزاین

دیزاین کردن تەنها بۆخۆت بێسودە پێویستە دیزاینەکانت لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بڵاوبکەیتەوە (ئەو دیزاینانە لە خۆ نەگرێت کە لاساییە) و پیشانی گرافیک دیزاینەرانی دیکە و بینەری بدە تاوەکو سودمەندبیت لە ڕاوبۆچون و ڕەخنەکانیان و بایەخی پێبدە، ئەمەش دەبێتە هۆکارێک بۆ بەرەو پێشچونت بەشێوازێکی خێرا و دروست، لێرەشدا دوبارە پێویستە پەیوەندیت لەگەڵ گرافیک دیزاینەرانی دیکە هەبێت و ڕاوبۆچون و زانیاریەکان ئاڵوگۆڕ پێبکەیت .

بەپێی کات لەگەڵ بڵاوکردنەوەی دیزاینەکانت دەتوانیت هەنگاوبنێیت بۆ بازاڕسازی دیزاینەکانت وەک:

- دیزاینە باشەکان لەهەژماری بیهانس دابنێ و لەکاتی بوونی کڕیاردا دەتوانیت لینکی هەژمارەکەی بۆ بنێریت تاوەکو توانا و شارەزایت لە دیزایندا ببینێت.
- دەتوانیت دیزاینەکانت لە پەیج، هەژمار، گروپەکان دابنێیت تاوەکو بکەوێتە بەرچاوی کڕیار.
- دەتوانیت ئەلبومی دیزاینەکانت چاپبکەیت و لەکاتی بینینی کڕیار پیشانی بدەیت.
- دیزاینکردنی لۆگۆیەکی تایبەت بۆ سەر دیزاینەکانت تاوەکو پەیوەستیان بکەیت بەخۆتەوە و ببێتە هۆکارێک بۆ ڕاکێشانی کڕیار بۆ دیزاینەکانت.
- دروستکردنی بزنسکارت تاوەکو پەیوەندیەکی باشتر و ڕوانینێکی باشتر لای کڕیار دروستبکەیت.
- خۆ ناساندن وەک گرافیک دیزاینەر لای هاوڕێ و کەسوکار تاوەکو ببنە پردێک لەنێوان خۆت و کڕیار

## ٩- داهێنان

کرداری گرافیک دیزاین لەڕاستیدا کردارێکی داهێنەرانەیە، کەپێویستە گرافیک دیزایەر کارامەیی و توانای خۆی بخاتە گەر بۆ دارشتنی بیرۆکەیەکی نوێ لە ( ڕازاندنەوەیەکی جوان و گەیاندنێکی باش) بۆ پەیامی کڕیار و دروستکردنی وەڵامدانەوە لای هەوادارانی، هەر ئەو بیرۆکە داهێنەرانەیە کڕیارەکەت جیاواز دەکات لە ڕکابەرەکانی و لەبەرامبەریشدا تۆ دەکاتە گرافیک دیزاینەرێکی بەتواناو پرۆفیشناڵ، لێرەدا هەندێ خاڵ دەخەینە ڕوو کە وادەکات توانای داهێنانت بەرەوپێشبچێت:

## ١- كۆکردنەوەی هەر شتێک کە ئیلهامت پێدەبەخشێت

بە گەڕان بەناو وێبسایت و سۆشیاڵمیدیاکاندا، بەگەڕان بەناو پەڕەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا. هەموو ئەمانە ئیلهامیان لێوەردەگیریت و دەبنە خۆراکی مێشکی بۆ داهێنان و بیرۆکەی نوێ و چاو و مێشکت چالاک دەکەن، هەمیشە ئیلهام وەرگرتن هێزت پێدەدات لەبەرامبەر سنورداریت بۆ داهێنان ( زۆربەی داهێنانەکان، لە داهێنانەکانی پێش خۆیانەوە سەرچاوە دەگرن ) هیچکات بەدیار شاشەیەکی بەتاڵەوە کاتت بەفیڕۆمەدە، بەڵکو سەرەتا تەماشەبکە، ئیلهام وەربگرە، پاشان دەستپێبکە.

## ٢- تێکەڵبوون لەگەڵ گرافیک دیزاینەران

بە ئاڵوگۆڕی زانیاری و گفتوگۆ، بەتایبەت ئەوانەی توانا و ئەزمونیان لەخۆت زیاترە بۆ ئاگاداربون لە دواین هەواڵ و ستایل و ئاڕاستە نوێکانی گرافیک دیزاین، هەروەها وەرگرتنی تێبینی و ڕەخنە لەسەر دیزاینەکانت.

## ٣- ڕوانین لەو دیزاینانەی پێشتر کردوتن

زۆر گرنگە ئەو دیزاینانەی دەیانکەیت باش بن یان خراپ لای خۆت پاشکەوتی بکەیت تاوەکو دواتر بگەڕێیتەوە سەریان و بەهۆیەوە بەرەوپێشچوون و زیادبوونی کارامەیت ببینیت، هەوڵبدە دوبارەیان بکەرەوە و باشتر دیزاینیان بکەرەوە.

## ٤- گەڕان بەنێو سروشت و گەشتکردن

یەکێکە لەباشترین ڕێگاکان بۆ بەهێزکردنی توانای داهێنان، تێکەڵبوونە لەگەڵ دیمەنی سروشت و کلتوری وڵاتانی دیکە کە مێشکت دەکاتەوە و توانای داهێنانت بەرزدەکاتەوە، زۆرجار ئیلهامێک بۆ دیزاین لە تەماشاکردنی دیمەنێکی سروشت، یان تەماشاکردنی ئەو دیزاینانەی لەکاتی گەشتکردندا دەیبینیت سەرچاوە دەگرێت.

## ٥- فێربوونی بەردەوام و ڕاهێنان

هەمیشە خۆت بەسەرەتا بزانە لە بوارەکەدا چونکە ئاڕاستەی گرافیک دیزاین بەردەوام لە گۆڕان و بەرەو پێشچووندایە و ستایل و شێوازی نوێ دێنە پیشەکەوە ئەویش بە: خوێندنەوەی بابەت و کتێب چ ئۆنلاین بێت یان چاپ، بەشداری کۆرس و سیمینار، ڕاهێنان لە سەر چۆنیەتی دیزاینکردن و نەرمەکاڵاکانی دیزاین، تەنانەت وا پێویست دەکات هەندێ کات کە دەستت بەتاڵە ڕاهێنان ئەنجامبدەیت و بۆ تاقیکردنەوە دیزاین بکەیت یاخود ئەو کارانە دوبارە بکەیتەوە کە کردوتن، یان دوبارەکردنەوەی کاری گرافیک دیزاینەری ترن تاوەکو بزانیت چۆن دەتوانیت باشتری بکەیت.

( هەوڵدان بۆ داهێنان لە سەرەتادا کارێکی قورسە کاتی زۆر پێوە بەفیڕۆمەدە لەکاتی خۆیدا هەوڵی داهێنان بدە).

## ١٠- پرۆفیشناڵ

لێرەدا گرافیک دیزاینەر ئەزموونی چەند ساڵەی لەبوارەکەدا هەیە لەڕوی تەکنیکی و داهێنان لە ئاستێکی باشدایە، دەتوانێت ئەندازیارانە بیرۆکەی نوێ دابڕێژرێت و کاریگەری لەسەر بزنسی کڕیار دابنێت، گرافیک دیزاینەری پرۆفیشناڵ دەتوانێت چارەسەرێکی گونجاو بۆ کێشەیەکی دیاریکراو بدۆزێتەوە و شێوازێکی بینراوی (سەرنجڕاکێش و کاریگەر) بگەیەنێت بەبینەر.

لەمڕۆدا گرافیک دیزاینەران خۆیان لەنێو کۆمەڵێک کارامەیی جۆراوجۆردا دەبیننەوە هەرچەندە وەرگرتنی تایبەتمەندی لەبوارێکی دیاریکراوی گرافیک دیزاین پێویستە بۆ گرافیک دیزاینەر، بەڵام لەپاڵئەوەدا کارامەیی لە جیهانی دەرەوەی دیزاین و پێشکەشکردنی خزمەتی زیاتر بە کڕیار و خاوەنکار ڕێگەخۆشکەرە بۆ مانەوە لەنێو لوتکەی ڕکابەرێتیدا.

بیڵ سترۆهاکەر گرافیک دیزاینەری بەریتانی و بەڕێوبەری قوتابخانەی سترۆهاکەری دیزاین دەڵێت: "ڕۆڵی گرافیک دیزاینەر بەردەوام لە گۆڕانە ئێستا زیاتر لەهەر کاتێکی ڕابردوو، بەهۆی ئەو شۆڕشەی لە ژیان و کارمان ڕودەدات" کەواتە

پێویستە گرافیک دیزاینەر بەردەوام لە پەرەپێدانی تواناو کارامەیی خۆیدا بێت، لێرەدا کۆمەڵێک کارامەیی دەخەینە ڕوو کە پێویستە گرافیک دیزاینەر شارەزاییەکی سەرەتایی تیایدا هەبێت یاخود بەلایەنی کەم ئاشنابێت پێیان:

## أ- کارامەیی بوارە جیاوازەکانی گرافیک دیزاین

هەرچەندە گرافیک دیزاینەر پێویستە تایبەتمەندیی لە بوارێکی دیاریکراوی گرافیک دیزایندا وەربگرێت، بەڵام بەپێی کات هەنگاونان بەرەو بوارە جیاوازەکانی گرافیک دیزاین و شارەزایی سەرەتایی دەبێتە پێویستییەکی حاشا هەڵنەگر.

## ب- کارامەیی لە نەرمەکاڵاکان

لەپێناو مانەوە لە لوتکەدا تەنها سێ نەرمەکاڵا سەرەکیەکەی گرافیک دیزاین ( ئەدۆبی فۆتۆشۆپ، ئەدۆبی ئیلستریتر، ئەدۆبی ئیندیزاین) کیفایەت نییە بۆ دەستکەوتنی هەلی کار یاخود ڕاپەڕاندنی زیاتری پێویستییەکانی کڕیار، دوای قوڵبونەوە لەم نەرمەکاڵایانە پێویستت بەهەنگاونانی زیاتر هەیە، بۆنمونە دەتەوێت مۆدێلێکی سێ ڕەهەندی و جوڵەی سێ ڕەهەندی بۆ بەرهەمێکی کڕیار دروستبکەیت پێویستت بە نەرمەکاڵای سینەمافۆردی دەبێت، بۆ کاری مۆشنگرافیک و ڤیدیۆی ڕیکلام پێویستت بە بەرنامەی ئەدۆبی ئافتەرئیفێکت دەبێت، بۆدەستکاری ڤیدیۆ و مۆنتاژ پێویستت بە ئەدۆبی پریمەردەبێت، یاخود بۆ کاری حەرفی بارز پێویستت بە نەرمەکاڵای کۆرێڵ درەو دەبێت، بۆ دەستکاری و دروستکردنی فایلی pdf پێویستت بە بەکارهێنانی ئەدۆب ئەکرۆبات دەبێت، تەنانەت نەرمەکاڵاکانی ئۆفیسیش هەندێ کات دەبنە پێویستی.

## ج- دەستکاری وێنە

ئەدۆبی فۆتۆشۆپ یەکەم نەرمەکاڵای دەرەوەی جیهانی گرافیک دیزاینە کەبە شێوەیەکی زۆر پەیوەستە بە گرافیک دیزاینەوە، هەرچەندە گرافیک دیزاینەران

و دەستکاریکەرانی وێنە لەنێو دوو پیشەی جیادا کاردەکەن بەڵام بەریەککەوتن و پێکداچوون لەنێوان پیشەکانیاندا ڕوودەدات، تەنانەت زۆرێک هەلی کار لە کوردستان و دەرەوەی کوردستان نەرمەکاڵای فۆتۆشۆپ لەپێش نەرمەکاڵاکانی تری گرافیک دیزاین دادەنێن، لێرەدا گرافیک دیزاینەر پێویستە بەهۆی نەرمەکاڵای فۆتۆشۆپەوە فێری چۆنیەتی ( ڕاستکردنەوەی ڕەنگی وێنە، لابردنی باگراوندی وێنە، تێکەڵکردنی وێنە، ڕەنگکردنی وێنەی ڕەش و سپی ، تازەکردنەوەی وێنەی کۆن، لابردنی تەنێک لەناو وێنە ...هتد ببێت.

## هـ- فۆتۆگرافی

لەگەڵ دەستکاری وێنەدا شارەزاییەکی بنچینەیی لە بنەماکانی فۆتۆگرافی و چۆنیەتی وێنەگرتن بە کامێرا کارئاسانیت بۆدەکات تاوەکو لەپشت پێبەستی وێنە دوبارەکانی وێبسایتەکان دوربکەویتەوە و وێنەیەکی نوێ و تایبەت لە دیزاینەکەت دابنێیت، ئەمەش بە تایبەت کاتێک بەشێوازی فریلانس کاردەکەیت و پرۆژەیەکی دیزاینت وەرگرتووە و هەلی ئەوەت بۆ دەرەخسێت خۆت بتوانیت وێنە بگریت.

## و- چاپەمەنی

لەگەڵ بەرفراوانبوونی دیزاینی دیجیتاڵی هێشتا دیزاینی چاپیش لە بەهێزیدایە و شارەزایی لە ئامادەکردنی دیزاینی دیجیتاڵی بۆ جیهانی فیزیایی ڕاستەقینە بەشێکە لە زانینە گرنگەکان، بۆ ئەم مەبەستەش کارکردن لەچاپخانە یاخود کۆکردنەوەی زانیاری لە چاپخانەکان و خوێندنەوەی کتێب و نوسراو بژاردەیەکی باشە وەک: تێری و چڕی ڕەنگەکان، بلید و برین، تایبەتمەندی مادەی چاپ، جۆرەکانی کاغەز، چاپی کانزایی و بەرجەستە، چاپی پاکێج، چاپی سەر قوماش ...هتد

## ز- وێنەی ڕونکردنەوەیی و هونەرە جوانەکان

لەگـەڵ ئـەوەدا بوونـی توانـای وێنەکێشـان لـە پێویسـتییە گرنگەکانـی گرافیـک دیزاینـەر نییـە بـەڵام بوونـی کارامەیـی وێنەکێشـان و سـکێتچ بەسـودە تاوەکـو بتوانیـت گەردەلولـی مێشـکی بەشـێوازێکی خێراتـر ئەنجـام بدەیـت، سـکێتچی (لەیئاوت، تایپۆگرافی، لۆگـۆ )بەشـێوازێکی باشـتر ئەنجامبدەیت هەمـوو ئەمانـەش پێـش دیزاینکردنیـان بـە بەرنامەکانـی کۆمپیتـەر، هەروەهـا کارامەیـی لـە وێنـەی ڕونکردنەوەیـی (illustration) یارمەتیـت دەدات بـۆ دیزاینـی لۆگـۆی ئاڵـۆز ،دروسـتکردنی وێنـەی ڕونکردنەوەیـی گۆڤـار و ڕۆژنامـەکان یان هـەر وێنەیەکـی تـر.

## ح- ئەزموونی بەکارهێنەر UX

هـەروەک پێشـتریش ئامـاژەم پێـدا ئەزموونـی بەکارهێنـەر و گرافیـک دیزایـن دوو بـواری جیـاوازن، ئەزموونـی بەکارهێنـەر لـە (ڕەفتـاری مـرۆڤ) قوڵدەبێتـەوە دەربـارەی چۆنیەتـی کارلێککـردن لەگـەڵ بەرهەمێـک ، هەرچەنـدە پێویسـت ناکات گرافیـک دیزاینـەر بچێتـە نـاو بـواری دیزاینـی UX بـەڵام بوونـی زانیـاری بنچینەیـی یاریدەدەرێکـی بـاش دەبێـت.

## ت- وێب دیزاین و زمانی Html

هاوشـێوەی دیزاینـی ئەزموونـی بەکارهێنـەر چاوەڕوانـی ئەوە لە گرافیـک دیزاینەرێک ناکرێـت کـە خـۆی لەبوارەکـەدا یەکلاکردبێتـەوە و بتوانێـت دیزاینـی وێبسـایتێک لەسـەرەتاوە تاکۆتایـی بـکات، بەڵکـو تێگەشـتن لـە بنچینەکانـی دیزاینـی وێـب و زمانـی Html وادەکات بەشـێوازێکی باشـتر لەکاتـی دیزاینـی دیجیتاڵـی کار لەگـەڵ پرۆگرامـەر و وێـب دیزاینـەر و گەشـەپێدەرەکان بکەیـت.

## ١١- سەرمایەگوزاری

لێکۆڵینەوەکان دەڵێن لە ٦٥٪ ی خەڵکی جیهان ئامادەن پارەبدەنە بابەتێک گەر بە خۆڕایش بوونی هەبێت!

کەواتە یەکێک لە باشترین هاندەرەکان بۆ فێربوون بریتییە لە سەرمایەگوزاریکردن لە خۆتدا، کە کاریگەرییەکی دەروونی ئیجابی لەسەر فێربونێکی باشتر و خێراتر دروست دەکات، ئایا تا ئێستا هیچ سەرمایەگوزارییەکتت لەخۆتدا نەکردووە و پێت وایە هەموو شتێک بە خۆڕایی دێتە بەردەستت!

لەڕاستیدا کەسە سەرکەوتووەکان بەردەوام هانی خەڵکی دەدەن بۆ سەرمایەگوزاریکردن لە خود و کەسە شکستخواردووەکانیش هانت دەدەن بۆ بەلاشەی بەردەوام، ئایا تا ئێستا چەندە (ڤیدیۆ، کۆرس، کتێب)ی بەلاشەت لە کۆمپیتەرەکەتدا داناوە و تەماشات نەکردوون؟

ئایا چەندە کاتت بەدوای گەڕانی بەلاشەدا سەرفکردووە! لەگەڵ ئەوەدا سەرچاوە خۆڕاییەکان سودێکی باشیان هەیە نمونەی یوتوب بەڵام باشترین سەرچاوە نین بۆ فێربوون و بیرت بێت دەیان ڤیدیۆ لەیوتوب هەن هانت دەدەن بۆ سەرمایەگوزاریکردن لەخۆتدا!

بەشداریکردن لە کۆرس و سیمینار، کڕینی کتێب، کڕینی بەرنامەکانی دیزاین، کڕینی هەژماری پێداویستییەکانی دیزاین هەموو ئەمانە هەم فێربوونت خێراتر دەکەن هەم متمانەبەخۆبوونت لا دروستدەکەن و زیاتر پیشەکەت لەلا خۆشەویست دەکەن.



# بەهمەن عومەر

دانەری کتێبی دەروازەی گرافیک دیزاین

فریلانس گرافیک دیزاینەر

ڕاهێنەری گرافیک دیزاین

# بەرهەمی دەروازەی
# گرافیک دیزاین

**کتێبێکی 314 لاپەڕەیی و زیاتر لە 30 کاتژمێر**

**وانەی ڕیکۆردکراوی فۆتۆشۆپ و گرافیک دیزاین.**

